الله (ڕووی) کەسێک ڕووناك بكات كه شتێكی لێمان بیستووه وەکو خۆی دەیگەیەنێت (وەکو خۆی باسی دەکات)، لەوەیە ئەو کەسەی دەیبستێت باشتر لێی تێبگات لەو کەسەی کە دەیگێڕێتەوە (بیستوویەتی)

لە عبد اللەی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «الله (ڕووی) کەسێک ڕووناك بكات كه شتێكی لێمان بیستووه وەکو خۆی دەیگەیەنێت (وەکو خۆی باسی دەکات)، لەوەیە ئەو کەسەی دەیبستێت باشتر لێی تێبگات لەو کەسەی کە دەیگێڕێتەوە (بیستوویەتی)».

[سەحیح - ڕاست)] [(الترمذي وابن ماجه وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

ئەو کەسەی فەرموودە دەبیستێت و لەبەری دەکات ودەیگەیەنێت بە خەڵکی؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نزای بۆ کردووە بەوەی ڕووی ڕۆشن وگەش وجوان بێت لە دونیادا، وخوای گەورە بیگەیەنێت بە ڕۆشنایی ونیعمەتی بەهەشت لە قیامەتدا، ولەوەیە ئەو کەسەی کە فەرموودەی پێدەگات تێگەیشتووتر وبە تواناتر بێت لە دەرهێنانی حوکم وسوود لە فەرموودەکە زیاتر لە ئەو کەسەی کە لەسەرەتادا فەرموودەکەی گێڕاوەتەوە، یەکەمیان ورد وشارەزایە لە لەبەرکردن وگێڕانەوەی فەرموودە، ودووەمیان ورد وشارەزایە لە تێگەیشتن ودەرهێنانی حوکمەکان.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6820